# هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتە کرێگرتەکەی، سەرچاوەی باری نائاسایی کۆمەڵگای عیراقن!

**عبدالله مەحمود**
abdulla_m64@hotmail.com

7-11 ی ئەم مانگە ئەیاد عەلاوی بریاری باری نائاسایی بۆ ماوەی دوومانگ بۆ ناوەراستوخواروی عێراق ڕاگەیاند، هاوکات قسەکەری سەروك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە حکومەت بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئاسایش وپاككردنەوەی عیراق لە تیرۆرستان ورزگارکردنی خەڵکی لەدەستیان ئەم بریارەی داوە.

هەر کەسێك لە عیراق ژیان بکات، یان ئاگاداری باردوخی عیراق بێت، ئەوە ئەزانێت کە کۆمەڵگای عیراقی دوای دەسەڵاتی رەشی بەعس بۆتە ژینگەیەکی نائاسایی، بۆتە ژینەگەیەك بۆ چاوکرانەوەو پێکهاتنی فاکتەرەکانی خوڵقاندنی نائارامی، ئەمە نەتەنها بۆ خەڵکی عیراق، بەڵکە بۆ تەواوی خەڵکی ناوچەکەش، کە بەسادەەی دەکرێ بڵێن ئێستا کۆمەڵگای عیراق کراوەتە ئەفغانستانی ئەم دەورە مێژوویە قیزەونەی سەردەم، ئەگەر ئەفغانستان لەدەورەی کێشمەکێشی بلۆکبەندیەکانی شەرق و غەربدا مەیدان و ژینگەی تیرۆریزمی غەیرەدەوڵەتی ئیسلامی سیاسی بوو، شوێنی پێگەیاندنی کادری تیرۆرستی و ناوەندی داهێنانە تیرۆرستیەکان و قوتابخانەی ئیسترادی تیرۆر بۆ شوێنەکانی تری دنیابوو، ئێستا گومان لەوەدا نیە کەعیراق ئەم مەڵبەندو ژینگەو مەیدانی پێگەیاندنی هەمان تیرۆریزمی ئیسلامی یە. جیاوازیەك کە عێراقی ئێستا لەگەڵ ئەفغانستانی سەردەمی تالیباندا هەیەتی، ئەوەیە کە دامەزراندنی ئەم کوانوی تیرۆریزمەی دنیا لە ئەفغانستانی پێشودا بە دەستپێشکەری و کۆمەکی راستەوخۆی ئەمریکاو غەرب بوو،بۆ شەری ئازادیخوازی و رادیکالیزم و لە چوارچێوەی ململانی ی لەگەڵ بلۆکی رەقیبی "یەکیتی سۆڤیەتی پیشوو". بەلاٌم ئەم مەڵبەندی تیرۆرەی ئێستا کە عێراقە، ئەمجارە لە ژێرناوی بنەبرکردنی تیروردا، کراوەتە سەکۆی تیروریزمی ئەم دەورەیە.

ئەوهۆکارەکانەش، کە عێراقی کردە ئەم مەڵبەندە تیرۆرستیە، ئەمجارەیان کێشمەکێشی نێوان غەرب وشەرق نەبوو، کێشمەکێشی بلۆکی نەبوو، بەڵکو کێشمەکێشی دوای بلۆکبەندیەکانی دنیا بوو، بۆ بەرگرتن بە بلۆك بەندی تر، کێشمەکێشی نێوان خێزانی سەرکەوتوانی بازاری ئازاد خۆی بوو،سوکان بەدەستی قوتبی سەرکەوتو"ئەمریکا" ئەیویست پۆلیسی دنیا بێت، ئەیویست نیشانی بدات ئیتر وەستانەوە بەڕووی بەرژەوەندیە ئابوریەکانیدا مغامەرەیە، سەربزێوی ئابوری و بەوپێیەش سەبزێوی سیاسی لەکەس قبول ناکات، ئاخر هێزی غولئاسای سەربازی لەبەردەستە، یانی چی ئەلمانیای زەبەلاحی ئابوری؟ یانی چی ئەوروپای یەککرتوو؟یانی چی فەرەنساو یابان و... هەرەشەکانیان لە بازاری بە برشتی قازانجهینەری ئەمریکا؟ ئەبوو ئەم هەرەشانە و ئەم نمایشی هیزو پایە ئابوریەی رەقیبەکانی ئەمریکا بەدەستیانەوەیە، دەبێ سەری تەسلیم لەبەرامبەر ئەمریکا دابنەوینێ، ئەمریکا بۆ ئەوکارەی پێویستی بە کردنەوەی فایلەکان بوو، لەفایلی سیاسی یەوە دەبوو دەست بەری، دەبوو ئەو فایلە بکاتەوە، کە تۆمارێکی لەکێشمەکێشێکی درێژ لەگەڵدایە، عێراق ئەو فایلە سەر ئاوەڵایەبوو کە بەداگیرکردنی کوێت دەستی پێکردبوو، ئەو پەروەندەیە بوو کە جەنگی یەکەمی کەنداوی بۆ بەرپاکرا، ئەو جەنگەی کە وەکو ڕێرەوی جێگیرکردنی نەزمی نوی دنیا ناوزەدکرابوو.

جەنگ رویدا و عێراق کرا بە فایلی سەرئاوەڵەی دنیا، کرا بەسەنتێزی ململانێ و ساغکردنەوەی کێشمەکێشی هێزە منافسەکانی دنیای سەردەمی نەزمی نوێ، نەزم جێنەکەوت، ڕوداوی 11ی سێبتەمبەر دنیای بەیەکدادایەوە، ئەمریکای ناکام لە جێخستنی نەزمی نوێکەیدا دیسان فایلە سەر ئاوەڵاکەی عێراق بوو، بۆ رێلێونکردن و چەواشەکردنی دنیا،و بەکەڵك

وەرگرتن لە کارەساتی ئەسەفباری 11ی سێپتەمبەر هەڵخراندنی ئیحساساتی عاتفی خەڵکی ئەمریکاودنیا ئەفغانستانی وەکو پاشکۆی ئەورووداوەی کەدەبوو مەلەڤ سەرەکی پێبکاتەوە، کردە کلیل ودەروازەی یەکەم بۆ شەری بناغەیی و سەرەکیەکەی کە جغرافیاکەی عێراق بوو، تا لێیەوە پەیامی زلهێزی خۆی بەدنیای "نا"ی خۆی لێوە پەخش بکات. سیناریو بنەبرکردنی تیرۆر بوو، صدام حسین وەکو سەرچاوەی تیرۆری دنیا، وەکو هەڕەشە لە وولاتانی دراوسێ ی، وەکو خاوەنی چەکی کۆکوژ "چەکی کیمیایی و بایەلۆژی وەوەکو کومەك بە تیرۆریزم" ...تاد، کرایە دیوەزمەی دنیا، تائەو رادەییەی دیکتاتۆرە چنگ بەخوێنەکانی نۆکەری ئەمریکا، تائەو وولاتانەی پێشبرکێی چەکی ناوکی و ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژی ...بەبەرچاوی دنیاوە بەرێوەئەبەن، گوماناوی بوون لە ڕادەی هێزو توانایی وەحشیگەری خۆیان، لەچاو ئەوغولە تێکشکاوەی "ڕژێمی عیراق" کە دنیا شاهیدی لاوازی و داروخانەکەی بوو.

دنیا جما، شەقامی پایتەخت و شارەکان بونە مەیدانی خروشانی جەماوەری، ڕای رەسمی و دەولی هاواریان لێبەرزبۆوە، ووتیان"نابۆشەر" ووتیان شەری ئەمریکا لەدژی دیکتاتۆری نیە، ووتیان بەچەکی کۆکوژ چەکی کۆکوژ لە بەین نابرێت، ووتیان دیموکراسی بە داباراندنی بۆمب و باروت جێناخرێ، ووتیان تیرۆریزمی ئیسلامی بە پشتیوانی لە تیروریزمی دەوڵەتی تەمەنی دوایی نایە، ووتیان دەست ڕاگرن، جەنگ تیرۆریزمی ئیسلامی بەهێز ئەکات، ووتیان جەنگ ناوچەکە بەیەکدادەدات، ووتیان جەنگ ئەگەر صدام حسێنێکی فاشست لەگەڵ خۆی رابماڵی ئەوا دەیان بەچکە فاشستی ئیسلامی وقەومی تر لە دڵی ئەم جەنگە کۆنەپەستانەیەوە دێنەدەرەوە، ووتیان دەمارگیری قەومی و دینی و ڕەگەزپەرستی و تایفەچێتی بە لەشی مومیاکراوەوە لەگۆرەکانیانەوە دێنەدەرەوە، ....تاد.

ئەمریکا لەبەرامبەر ئەو پەیامانەدا کە پەیامی دنیای متەمەدین و وەخەبەرهاتوو بوو لە بەرامبەر بەربەریەتی مۆدیرنی سەردەمدا، وەستایەوە. ئەو دەیان ملیون ئینسانەی هاتنە سەرجادەکان و نایان بۆشەر ووت، دژی دیکتاتۆریەت و ملهوری و چەکی مەرگچێن بوون، وەدەنگی ڕاساوی ئەو ئینسانانەبوو کە لەدوای شکستی بلۆکی شەرقەوە بەدوای ئازادی و ڕادیکالیزم و عەدالەتخوازیدا ویڵ بوون. شەری بناغەیی ئەمریکاش بەجیا لە ئامانجە دیاریکراوەکانی کە ڕووبە وولاتانی ئەوروپاو یابان و سین وبوو هاوکات شەرێك بوولەدژی ئەم ئینسانانە بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئاوات و ئارەزوەکانیان.

بەرلەوەی جەنگ لەدرێژی جەنگی کوشتاری خەڵکی عێراقدا کە بە ئابلۆقەی ئابوری و بومبابارانی هەموو رۆژە ....چەخماخە بدات، بەرەی فاشستە ئیسلامی و قەومیی تایفیەکانی دەست پەروەردەکراوی بەعس و ئوسامە و خودی ئەمریکا خۆیان بۆ شەری داوتری خەڵکی عێراق ئامادە دەکرد، لەوکاتەوە وەزعی عیراق نائاسایی یە، لەوکاتەوە عیراق بۆتە مەیدانی بەیەکدادانانی بەرەی تیروریزمی ئەمریکاو دەست و پێوەندەکانی لەگەڵ بەرەی ئیسلامی سیاسی و تاقمە سەدسەرە جۆراوجۆرەکانیان، لەوکاتەوە عیراق بۆتە مەیدان و ژینگەی نائاسایی بۆ خەڵکی عێراق و ناوچەکە، لەوکاتەوە هەرەشەی بەرپاکردنی شەری قەومی و دینی، لەلایەن ئەکتەرە فاشلەکانی ئەمریکاوە هەوڵی بۆ ئەدرێت، لەوکاتەوە عێراق بۆتە مەڵبەندی داهێنانی تیرۆرستی و جێگای سەربڕینی ئینسان، لەوکاتەوە دەزگا ڕاگەیاندنە گەمژەو بەکرێگیراوەکان وێنەی سەربرینی ئینسان پەخش ئەکەنەوە، لەوکاتەوە تا ئێستا عێراق کراوەتە مەیدانی کوشتاری بێوێنە، لەوکاتەوە بۆتە ساحەی فتوای روحانیە شیعەو ئیسلامیەکان، لەوکاتەوە خۆتەقاندنەوە لە راهی خوداو ئیسلامدا بۆتە مۆد، لەوکاتەوە ساروخ و بومباباران کردن، لەوکاتەوە رفاندن و ئیغتیسابکردن، لەوکاتەوە کورد سەربرین و عەرەب سەربرین، تورك سەربرین، کەنیسە تەقاندنەوە، ئاگردان لەدوکانەکانی مەیفرۆشتن و سالۆنەکانی ڕازاندنەوەی ژنان و پیاوان ....بەکورتی نائەمنی و باری نائاسایی لەپاڵ برسێتی و بێکاری و نەداری و کۆنەپەرستی سیاسی و نەبونی خزمەتگوزاریە کومەڵایەتی وداوخاوی کومەڵگاو محتاج راگرتنی خەڵکی عیراق بۆ سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیان وەکو ئاوکارەبا، خوێندن و پەروەردە..... بونەتە دێوەزمەی سەرژیانی خەڵکی عیراق.

ئەمریکا بە وەخستنی جەنگ و کوشتارەکەی و قوتکردنەوەی دەوڵەت و حکومەتێکی قەومی ئیسلامی و تایفیەکەیەوە، ئیسلام و شیعەی سیاسی، لومپنەکان و پاشماوەکانی بەعس بە تەفرەقەنانەوەو خۆتەقاندنەوە جیهادیان لە رێگای علی و محەمەد و

خودای تاك و تەنهایاندا و بۆ دەسەڵاتی سیاسی، عیراقیان ژەهراوی کردووە، ژەهراوی دینی و قەومی و تایفی، کە فایرۆسی هەرکام لەمانە قوربانیانی لە قوربانیانی کیمیایی و گۆری بەکۆمەڵ و قەسابخانەکانی سەردەمی بەعس و شەری ناوخۆی ئەحزاب زیاترەو زیاتر دەبێت. عێراق لەوکاتەوە باری نائاسایی یە.

حکومەتی دژی خەڵکی عیراق و کرێگرتەی ئەمریکا بە پێکهاتەکەیەوە، بە پەیام و سیاسەتەکانیەوە، بە کەسایەتی و مێژوویانەوە، بە فەرهەنگ و رەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە، بەنوسەرو قەڵەم بەدەستە نان بەنرخی ڕۆژخۆرەکانیانەوە لە پاڵ ئەمریکای رەمزی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی هێرۆشیماو ناکازاکی و بەکارهێنەری چەکی ئەتومی و کیمیایی و بایۆلۆژیەوە، بە هێنانەسەرکاری صدام حسینەکان و پەروەردەکردنی بن لادنەکان و کۆمەك بە ئیسلامی سیاسیەکان، بە پشتیوانی لە کۆنە بەعسیەکان، بە ستایشکردنی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ......سەرچاوەی باری نائاسایی کۆمەڵگای عێراقن.

ئەوە کە ئێستا ئەیاد عەلاوی کۆنەبەعسی و حکومەتە کرێگرتەکەی باری نائاساییان راگەیاندووە، ئەیانەوێ درۆیەکی مێژووی دەرخواردی دنیای دەرەوەو رای گشتی بدەن، ئەگەر نا کەس نیە نەزانی عێراق دەمێکە باری نائاسایی یەو خۆشیان بەشێکن لەخولقاندنی ئەم بارە نائاسایی یە.

هەروەها ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەژێرناوی بنەبرکردنی تیرۆرستانی خارجی و گێرانەوەی سەروەری نیشتمانی و پیادەکردنی قانوون و ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لەدەست تیرۆرستان، دیسانەوە درۆیەکی ترە، چونکە خودی حکومەتەکە و پێکهاتەکەی هەڵگری تیرۆریزمەو پێکهێنەرانی حکومەتەکە کرێگرتەکەیان بەشێکن لە ئەکتەرانی تیرۆریزمی ئیسلامی و قەومی و تایفی، خودی یاسایەك کە بۆ قۆناغی گواستنەوە ئیمزایان کردووە، هەڵگری بەیەکدادانی قەومی و دینی و تایفی یە، ئەو بارە نائاساییە کە راگەیەنراوە، هەوڵێکە بۆ چاوترسین کردنی ئەوانەی مل بەحکومەت و یاساو سیاسەتەکانیان نادات، ئەمرۆ فەلوجە و سبەی سامەراو دووسبەی شوێنی تر...هەروەکو تائێستا چەندین جاریتر حوکمی عورفیان بەسەر دەیان گەرەك و شاروشارۆچکەدا سەپاندووە، ئەوەیش کە کوردستان لەو بارە ئاسایی یە دوور راگیراوە، تەنها هەڵگیراوە بۆ کاتێکی تر، ئەگەر نا ئەوا خەڵکی کوردستانیش لە ژێرناوی ئەوەی کە باسی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان ئەکەن، بە تۆمەتی ئەوەی ئەمە سەروەری نیشتمانی ئەخاتە خەتەرەوە دەکەونە بەر هێرشی ئەم قارەمانانەی عروبەو ئیسلام و شیعەی سیاسی و غازی یاوەریش بە ئاشکرا ئەمەی راگەیاندووە.

ئەگەر بەعس هەموو "نا"یەکی خەڵکی عێراقی لە ژێرناوی دەسیسەی زایۆنیزم و پلانی سەهیۆنیزمدا خەڵتانی خوێن دەکرد، ئەوا حکومەتە کرێگرتەکەی ئەمریکاو هێزەکانی ئەمریکا، دەیانەوێ هەموو "نا"یەکی خەڵکی عێراق بە بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامیەوە گرێبدەن، تابەوبیانوەوە لەخوێنی هەڵبکێشن.بۆیەشە هەرۆژە گەرەکێك و ناوچەیەك و شارێك و شارۆچکەیەك ئەکەنە نیشانەی هێرشەکانیان و دەست لەهیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی ناپارێزن.

دەبی خەڵکی  عیراق کوردستان وبەگشتی روبەروی ئەم پروپاگەندانەی بوەستنەوە کە لە ژیر ناوی گیرانەوەی سەروەری و جێگیرکردنی قانوندا، زەمینەی هێرش و زاڵکردنی زیاتری فەزای ترس و تۆقاندن قانونی دەکەن. کۆتایی هێنان بە باری نائاسایی عێراق، کاری خەڵکی عیراق و بەرەی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازەکەیەتی، و گری ی خواردوەو بەو بەرەیەوە کە ئەم دەورودوکانەی ناوی نراوە حکومەت رابماڵن و نەهێڵن پێبگرێ، هاوکات هێزەکانی ئەمریکا بە گوشاری جەماوەری وەدەربنێن، ئەمە بەرەی دووەمی تیرۆریزمی ئیسلامی و باندەکانیان و باری نائاسای کۆمەڵگای عێراق کۆتایی پێئەهێنی.

2004-11-9